

تەنها هێز بۆ شێر بەس نییە

# تەنها هێز بۆ شێر بەس نییە

وەرگێڕانی لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان
بابەت: کۆمەڵە چیرۆکێکی جیهانی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٢
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
چاپ: سلێمانی- چاپخانەی کارۆ

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٢٨)



# تەنها هێز بۆ شێر بەس نییە

لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە:

نەرمین عوسمان

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانی، توێژینەوەیی قازانج نەویســتە. کاری ســەرەکی، ئەنجامدانــی توێژینــەوە و بەدواداچوونــی پرســە هەنووکەیی و نیشــتمانییە گرنگەکانــە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنــەوەی توێژینەوەکان و ســازکردنی کۆڕ و ســمینار و کردنەوەی خولی زانســتی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# شێر و مشکێکی ژیر

دەگێڕنەوە؛ ڕۆژێکیان مشکێک بە باوەڕ بەخۆبوونی بە شێرێکی وت:

- ئەی شێرەکە، ڕێگەم پێبدە قسەبکەم.

شێرەکە وتی:

- ئەی مشکە ئازاکە، قسەکەت بکە.

مشکەکە وتی:

- من دەتوانم لە ماوەی مانگێکدا تۆ بکوژم!

شێرەکە بە گاڵتەپێکردنێکەوە وتی:

- تۆ، ئەی مشک؟


مشکەکە وتی:

- بەڵێ، تەنها یەک مانگ مۆڵەتم بدەرێ.

شێرەکە وتی:

- ڕازیم، بەڵام دوای مانگەکە ئەگەر نەتکوشتم؛ ئەوا من دەتکوژم.

چەند ڕۆژێکی ڕابوورد... لە هەفتەی یەکەم شێرەکە هەر پێدەکەنی، بەڵام لە چەند خەونێکیدا دەیبینی مشکەکە دەیکوژێت، بەڵام هیچ گوێی نەدەدایە.



له هەفتەی دووەمـدا، وردە وردە ترس کەوتبووە گیانی شێرەکە و لە هەفتەی سێیەمدا هەر بەڕاستی ترس دایگرتبوو و لە دڵی خۆیدا دەیوت:

- تۆ بڵێی مشکەکە بمکوژێت!

لە هەفتەی چوارەمدا شێرەکە لەترسا تۆقیبوو... لە ڕۆژی کۆتاییدا مشک و ئاژەڵەکانی تر چوونە لای شێرەکە، ئەوەی جێگەی سەرسووڕمان بوو؛ بینییان شێرەکە مردووە و لاشەکەی بێ جووڵە لەسەر زەوییەکە کەوتووە.

مشکەکە دەیـزانـی چـاوەڕوانـیـی ڕووداوی ناخۆش و دڵەڕاوکێی زۆر، لە ڕوودانی کـارەکـە زیـاتـر کـاریـگـەریـی لەسەر دەروون هەیە.



**ئایا دەزانیت شێرەکە کێیە؟**

شێرەکە کەسایەتی تـۆیـە، بـۆیـە دەبـێـت بەهێز بیت... مشکەکەش دڵەڕاوکێ و ترسەکەتە، کە دەبێت نەیهێڵیت.

# شێر و مشکێکی بچووك و ورچێکی گەورە

مشکێکی بچووک لە دارستانێکدا دەژیا، کونەمشکەکەی لای کونی ورچێکی گەورەوە بوو، ورچەکە زۆربەی کات نوستبوو و پرخەی خەوی ئەوەندە بەرزبوو خەوی لە مشکەکە تێکدابوو.

جارێکیان مشکەکە چوو بۆ لای و هەوڵیدا بەئاگای بهێنێت، بەڵام بێسوود بوو. ناچار زوورِنایەکی هێنا و فووی پێداکرد، بەڵام هەر بەئاگا نەهات، ئیتر مشکەکە بێهیوا بوو و رۆیشتە دەرەوە.


ئاژەڵەکانی تر بینییان و لێیان پرسی:

- بۆ وا بێتاقەتی؟

- ورچەکە بەئاگا نایەت و پرخەی ناهێڵێت بخەوم.

- برِۆ بۆ لای شێر و داوای لێبکە با نەرِەیەکی بەسەردا بکات، ئەوە تەنها چارەیە، چونکە نەرِەی شێر زۆر بەهێز و ترسناکە.

هەرچەندە مشکەکە دەترسا، بەڵام چارەی نەبوو. بەترسەوە چوو بۆ لای شێر... کاتێک گەیشتە لای شێرەکە، وتی:



- پاشام، گەورەم، داوایەکم هەیە.

شێرەکە وتی:

- لاچۆ، تۆ چیت تا داواکاریت هەبێت! ئەوەندە بچووکیت بۆ ژەمێک خواردن نابیت... باشە بۆچی من یارمەتی تۆ بدەم؟

مشکەکە وتی:

- هیچ چارەم نەماوە، ورچێکی گەورە لای کونەکەمەوە نوستووە و لە خەو بەئاگا نایەت.

شێرەکە گوێی نەدا بە داواکاریی مشکەکە و ڕۆیشت.

کاتێک بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، لەتاو خورانی لەشی، خۆی لە دار و زەوی دەخشاند بۆ ئەوەی خورانی لەشی کەمبێتەوە، ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو. بۆ ئەوەی ئاژەڵەکانی تر نەیبینن، لە شوێنێکی دوور لە چاو ئەم خۆخشاندنەی ئەنجام دەدا، بەڵام مشکەکە بینی و پێی وت:

- ئەوە چیتە؟

- هەموو لەشم دەخورێت و ئازارم دەدات، بەڵام تۆ نابێت باسی بکەیت؛ نە بینیوتە و نە بیستووتە.



- دەتوانم سەیرێکی بکەم؟

- تۆ چیت، چیت پێدەکرێت؟


مشکەکە گوێی نەدا بە شێرەکە و بازێکی دا بۆ سەر پشتی و بینی نێو مووەکانی لەشی پڕە لە مێروو و خۆیان حەشار داوە لەنێوان مووەکانیدا. کەوتە دەرهێنانی مێرووەکان. هەرچەند شێرەکە دەیویست لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، بەڵام مشکەکە بەردەوام بوو و پێی وت:

- بووەستە، ئەوەندەم نەماوە.

شێرەکە هەر بۆڵەی دەهات، بەڵام مشکەکە گوێی نەدەدایە و بەردەوامبوو لە کارەکەی تا دوایین مێرووی لەسەر پشتی دەرهێنا. ئیتر شێرەکە هەستی بە ئاسوودەیی کرد و وتی:

- دەوەرە بابزانم چیت دەوێت؟ هەرچەندە زۆر بچووکیت، بەڵام بەڕاستی زۆر هاوکار بوویت.

بەیەکەوە ڕۆیشتن بۆ کونی ورچەکە، بینی مشکەکە ڕاست دەکات، ورچەکە هەر نوستووە و پرخەی گوێ کەڕ دەکات. ئیتر شێرەکە بە هەموو توانایەکییەوە نەڕاندی، دەنگەکە ئەوەندە بەرز بوو، دارستانەکەی هەژاند، ورچەکەش ترسا و



بەئاگا هاتەوە و هاتە دەرەوە... بە شپرزەییەوە وتی:

- ئەوە چی بووە؟

ئاژەڵەکان هەموو پێدەکەنین، ئیتر ئەویش تێگەیشت کە چی روویداوە.



# شێر و هەنگێکی بوێر

ڕۆژێک لە ڕۆژان شێرێک هەبوو، پاشای دارستانێک بوو، هەموو ئاژەڵەکان ڕێزیان لێدەگرت و بە گەورەی خۆیان دەزانی، بەڵام شێرەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەخۆبایی دەبوو و توندوتیژتر دەبوو، هیچ بەها و ڕێزێکی بۆ ئاژەڵەکانی دارستانەکە دانەدەنا. ئاژەڵەکان بەتەواوی لێی بێزار بووبوون.

شەوێکیان شێرەکە زۆری برسی بوو و بە دەنگە گڕەکەی بە هەموو هێزێکییەوە نەڕاندی، ئاژەڵەکان لەترسا هەموویان بەئاگا هاتن و هیچیان لەو ناوە نەمان، تەنانەت باڵندەکانیش فڕین.

هەنگێکی بچووک کە لەنێو گوڵێکدا خەوتبوو، بەئاگا هات و وتی:

- ئەمە کام بێهەستەیە وا ڕێزی ئاژەڵەکانی لا نییە و بەئاگامان دەهێنێت.

شێرەکە لە نزیکییەوە بوو، گوێی لە قسەکانی هەنگەکە بوو، وتی:

- ئەوە کێیە ئەو مافەی بە خۆی داوە و ئەم قسەیە لە ڕووی پاشای دارستان دەکات؟

هەنگەکە وتی:

- ئەوە منم، با پاشاش بێت، پاشا دەبێت پێش هەموو ئاژەڵەکانی تر ڕێز لە دابونەریتەکان بگرێت... هەموومانت بەئاگا هێنا دوای ماندووبوونێکی زۆری کاری ڕۆژانە.

شێرەکە زۆر تووڕە بوو و وتی:

- تۆ چیت وا بە ڕووی مندا بوێریی دەکەیت و قسەی وا دەکەیت؟



- من ڕاستییەکانت پێ دەڵێم، مافی خۆمە پشوو بدەم.
شێرەکە زیاتر تووڕە بوو، هەنگەکە بە هەڵی زانی وتی:
- وەرە با شەڕ بکەین.
شێرەکە وتی:
- تۆ چیت تا من لێت بترسم! هەزار هەنگیش بن هەر ناترسم.
- ئەگەر شەڕ نەکەیت لای هەموو ئاژەڵەکان دەڵێم شێر بە من ناوێرێت و من لەو ئازاترم، بۆیە دەبێت من پاشاتان بم.
شێرەکە دەمی کردەوە ویستی بنەڕێنێ، هەنگەکە بە هەڵی زانی و خۆی کرد بە لووتیدا و کەوتە پێوەدانی. چەند جارێک شێرەکە سەری ڕاوەشاند بۆ ئەوەی هەنگەکە فڕێبداتە دەرەوە، بەڵام بێسوود بوو، هەنگەکە زیاتر پێوەی دەدا تا وای لێ هات شێرەکە سەری بە زەوییەکەدا دەدا بۆ ئەوەی لە کۆڵی بێتەوە، بەڵام هەر نەیتوانی. لە کۆتاییدا ئەوەندە ئازاری پێگەیشت وتی:
- وازم لێ بهێنە، تۆ ئازاتری.
هەنگەکە لە لووتی شێرەکە هاتە دەرەوە و وتی:
- ئەمە تەنها وانەیەک بوو، تۆ دەبێت گوێ لە ئاژەڵەکانی تر رابگریت و کاری باش بکەیت بۆ ئەوەی خۆشیان بوێیت نەک لێت بترسن... زۆرداریی سوودی نییە، بە بەخشینی دادپەروەری و خۆشەویستی؛ دڵی ئاژەڵەکان ڕادەگریت.



# سیمبای پاشا و داینەسۆر

بەیانییەکیان داینەسۆرێک بەدەم گریانەوە چووە لای سیمبای پاشای دارستانەکان و وتی:

- ئەی پاشا، فریام بکەوە، کوڕەکەم دیارنەماوە.

سیمبا لە داینەسۆرەکە تووڕە بوو وتی:

- پێم رانەگەیاندوون نابێت بێنە دارستانەکانی ئێمە...


- بەڵێ، پێت وتووین، بەڵام نەمزانی چی بکەم (بەدەم گریانەوە بەردەوام بوو)، بەیانی هەستام خواردن بدەم بە کوڕەکەم کەچی دیارنەماوە، ناچار پەنام بۆ ئێوە هێناوە. ئەو کوڕەم گوێ ناداتە قسەکانم، وتم رەنگە ڕێگەی کەوتبێتە لای ئێوە.

- نەخێر، پێم وتوون کە نابێت لە ئێمە نزیک ببنەوە.

داینەسۆرەکە بەدەم گریانەوە درێژەی بە قسەکانی دا:

- چارەم نەبوو، بۆیە هاتم بۆ لای تۆ، بەڵکو بە دانایی و لێهاتوویی خۆت بۆم بدۆزیتەوە.

پیرەشێری باپیریان وتی:



- سیمبا، ئەو داینەسۆرانە گیا و رووەک دەخۆن، گۆشتخۆر نین، بۆیە پێم باشە هاوکارییان بکەیت.

سیمبا کەمێک بیریکردەوە و وتی:

- باشە.

ناردی بەدوای پڵنگە ئازاکە و پێی وت:

- ئەم داینەسۆرە کوڕەکەی لێ ون بووە و بەدوایدا دەگەڕێت، دەمەوێ بچیت بۆی بیدۆزیتەوە.

- فەرمان دەکەیت پاشا... هەر ئێستا دەچم.

پڵنگەکە رۆیشت و ماوەیەک بەدوایدا گەڕا و نەیدۆزییەوە. گەڕایەوە لای سیمبا وتی:

- گەورەم، نەمدۆزییەوە، لە هیچ شوێنێک نەبوو، هیچ ئاژەڵێکیش نەیبینیوە.

سیمبا وتی:

- ئەشکەوتە کۆنەکە گەڕایت.

- نەخێر.

- باشە برۆ سەردانێکی ئەوێش بکە، بزانە لەوێ نییە.



پڵنگەکە ڕۆیشت و دوای ماوەیەک گەڕایەوە و داینەسۆرە بچووکەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە، وتی:

- گەورەم، بۆچوونەکەت راستبوو، لەوێ بوو.

سیمبا لە داینەسۆرە بچووکەکەی پرسی:

- بۆ چوویت بۆ ئەوێ؟

- چووم یاریی بکەم، شەوم بەسەردا هات و نەمزانی چۆن بگەڕێمەوە ماڵەوە، ناچار چووم بۆ ناو ئەشکەوتەکە و لەوێ خەوم لێکەوت.


بە شەرمەزارییەوە بەردەوامبوو لە قسەکانی و وتی:

- داوای لێبووردن دەکەم دایە گیان... هەمووتانم ماندوو کرد.

سیمبا وتی:

- جارێکی تر کاری وا نەکەیت، دەنا بەیەکجاریی ون دەبیت و ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ شوێنێکەی خۆت. دەبێت بە قسەی دایکت بکەیت.

دایکەکەش سوپاسی سیمبا و پیرەشێرەکە و پڵنگەکەی کرد و لەگەڵ کوڕەکەی گەڕانەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان.



# شێر و کەروێشکێکی بلیمەت

شێرێکی دڕندەی بێبەزەیی و بەهێز، لە دارستانێکدا دەژیا، ئاژەڵەکان زۆر لێی دەترسان، بۆیە لەترسا بەیەکەوە بڕیاری ئاشتییان دابوو لەگەڵ شێرەکە.
لەنێوان خۆیاندا وا ڕێککەوتن، کە هەر ڕۆژە ئاژەڵێکی لاواز بکوژن و بەیانیان بۆ شێرەکەی ببەن. کاتێک نۆرەی کەروێشک هات کە وەک خۆراک بیبەن بۆ شێرەکە؛ شەوەکەی لەترسا تا بەیانی خەوی لێنەکەوت، بەڵام بیرۆکەیەکی ژیرانەی بۆ هات.
بەیانییەکەی بەخێرایی چووە لای شێرەکە و بە هەناسەبڕکێوە وتی:
- پاشام، فریا بکەوە، شێرێک هاتووە و دەیەوێت دارستانەکە داگیربکات و خۆی ببێ بە پاشا، ئەو گۆشتەی ئامادەم کردبوو بیهێنم بۆت، لێی سەندم و بردی.
شێرەکەش تووڕە بوو و وتی:
- وەرە پیشانم بدە، بزانم لە کوێیە؟
کەروێشکە بلیمەتەکەش بردی بۆ سەر بیرێکی ئاو، کاتێک شێرەکە وێنەی خۆی بینی لەناو ئاوەکە، وایزانی شێرێکی ترە و بە هەڵپە خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکە و ویستی پەلاماری بدات، ئیتر نەیتوانی لە بیرەکە خۆی ڕزگار بکات.
کەروێشکەکە ڕۆیشتەوە بۆ لای ئاژەڵەکانی تر و پێی وتن:
- لە شێرەکە ڕزگارم کردن، ئیتر پێویست ناکات بترسن.



# شێر و ڕێویی وریا

دەگێڕنەوە؛ شێرێکی دڕندە لە دارستانێکدا دەژیا، هەموو ئاژەڵەکان لێی دەترسان و گوێڕایەڵی بوون.

شێرەکە بەهۆی هێزەکەیەوە خۆراکی دەستدەکەوت و پەلاماری نێچیرەکانی دەدا. کاتێک شێرەکە چووە تەمەنەوە و پیر و بێهێز بووبوو. ڕۆژێکیان هەستیکرد نەخۆش و بێهێزە و برسیەتی، بیریکردەوە بە ڕێگەیەکی ئاسانتر بتوانێت خۆراکی دەستبکەوێت... لە دڵی خۆیدا وتی:

- تاکو ئێستا ئاژەڵەکان لێم دەترسن و ڕێزم لێدەگرن و بەقسەم دەکەن، نابێت وا پیشان بدەم کە پیر و لاواز بووم، نەوەک فەرمانەکانم جێبەجێ نەکەن، تەنها دەڵێم نەخۆشم و لەماڵەوەم، ئەوسا دێن سەردانم دەکەن و بەئاسانیی خواردنم دەستدەکەوێت.

شێرەکە هەواڵی نەخۆشکەوتنی خۆی بڵاوکردەوە. ئاژەڵەکان لە ترسی تووڕەبوونی شێرەکە دەچوون سەردانیان دەکرد و نزایان دەکرد بۆ زوو چاکبوونەوەی، بەڵام هەر کە دەچوونە ژوورەوە، شێرەکە پەلاماری دەدان و دەیخواردن.



ڕۆژێکیان نۆرەی ڕێوی هات کە بچێت سەردانی بکات، لەو کاتەی لەبەردەم لانەی شێرەکەدا بوو و ویستی بچێتە ژوورەوە، هەر کە سەیری زەوییەکەی کرد، لە شوێنی خۆی وەستا. شێرەکە لێی پرسی:

- هاوڕێم بۆ وەستای، بۆ نایەیتە ژوورەوە، من هەر نەخۆشم، وەرە دڵم خۆش بکە بە قسە خۆشەکانت.

ڕێوییەکە وەڵامی دایەوە وتی:

- نا بـرادەر، مەبەستم بوو بێمە لات، بەڵام ئەوەتا شوێنپێکان دەبینم؛ زۆرن ئەوانەی بەرەو لای تۆ هاتوون و هیچ شوێنپێیەک نابینم هاتبێتە دەرەوە.

ئیتر ڕێوییەکە ڕۆیشت و شێرەکەی بە برسیەتی بەجێهێشت.



# شێر و مشکێکی بەوەفا

شێرێک لە دارستانێکدا دەژیا، ڕۆژێکیان لە بێشەکەیدا پشووی دەدا، لە شیرینیی خەودا بوو، لەناکاو ڕاچڵەکی بەهۆی کەوتنی مشکێک بەسەر یەکێک لە قاچەکانی پێشەوەیدا.

شێرەکە زۆر شڵەژا، مشکەکەی بینی و گرتی، بە گاڵتەپێکردنێکەوە وتی:

- پاشای ئاژەڵان خەوتووە، چۆن وێرات بێیتە ناو بێشەکەم؟ چۆن بە ئارەزووی خۆت یاریی دەکەیت و لێم ناترسیت؟

مشکەکە ترسا، هەستی دەکرد کۆتایی هاتووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت دانی بەخۆیدا گرت و وتی:

- گەورەم، پاشای سەروەرم، من دەزانم تۆ چەند بەهێز و بەتوانایت و منیش مشکێکی زۆر بچووک، گونجاو نییە پاشایەکی وەک تۆی بەهێز مشکێکی بچووک بکوژێت، تەنانەت پاروویەکی بچووکیش نیم بۆ بەڕێزت. بۆ تۆ گورگێک، ڕێوییەک، ئاسکێکی قەڵەو باشە، تکات لێدەکەم وازم لێ بهێنە.



- چۆن وازت لێ بهێنم لەکاتێکدا تۆ منت لە خەو هەستاند؟ کوشتن کەمترین سزایە بۆ تۆ و دەبێتە پەندێکیش بۆ هاوەڵەکانت.

- بەزەییت پیامدا بێتەوە، بەس ئەم جارە وازم لێ بهێنە، دەزانم ڕۆژێک پێویستیت پێم دەبێت.

شێرەکە دایە قاقای پێکەنین و بەگاڵتەپێکردنێکەوە وتی:

- من پێویستم بە تۆ دەبێت! چۆن دەوێریت قسەی وا بکەیت؟

- گەورەم، گەر وازم لێ بهێنیت، بە چاوی خۆت دەبینیت ڕۆژێک پێویستتت بە منی لاواز دەبێت.

شێرەکە فڕێی دا و وتی:

- دەی با ببینین چۆن بەهێزێکی وەک من پێویستی بە لاوازێکی وەک تۆ دەبێت!

مشکەکە لەخۆشیاندا ڕای کرد و دوورکەوتەوە.

پاش چەند ڕۆژێک شێرەکە کەوتە ناو تۆڕی ڕاوچییەک، شێرەکە بە هەموو توانایەکییەوە نەڕاندی؛ هەموو ئاژەڵە کێوییەکان ترسان، بەڵام مشکەکە هەر کە گوێی لە نەڕەی شێرەکە بوو، بەرەو لای شێرەکە ڕای کرد.

ئاژەڵەکان لێیان پرسی:





- بۆ وا دەکەیت؟

- دەچمە لای پاشا بۆ ئەوەی بەڵێنەکەم ببمە سەر.

مشکەکە گەیشتە لای شێرەکە و بینی کەوتووەتە ناو تۆڕی راوچییەک. بەخێرایی دەستیکرد بە قرتاندنی تۆڕەکە، هەموو تواناى خستبووە کار و بە زەحمەتییەکی زۆر کونێکی گەورەی کردە تۆڕەکە و شێرەکەی رزگارکرد.

شێرەکە وتی:

- ئێستا تێگەیشتم پاشا هەرچەندە بەهێزیش بێت؛ ناتوانێت خۆشیی لە ژیان ببینێت و ئازاد بێت بەبێ هاوکاریی بچووکەکان... هەموو بوونەوەرێک پێویستی بە هاوکاریی ئەوانی تر هەیە.

وانە لەم چیرۆکە:

- پاداشتی چاکە هەر بە چاکە بۆت دەگەڕێتەوە.
- گاڵتە بە کەس مەکە چەند بچووکیش بێت.
- وا هەست مەکە تۆ لە هەموو کەس باشتریت، هەمووان یەکسانن.
- هاوڕێ بچووکەکان دەتوانن بیسەلمێنن کە باشترین دۆستن.



# شێر و گورگی داماو و ڕێویی تۆقیو

لە دارستانێکدا شێرێک و گورگێک و ڕێوییەک بەیەکەوە ڕاوی ئاسکێکیان کرد. دوای پشوودانێک، شێرەکە پرسیی:

- چۆن نێچیرەکەمان دابەشبکەین؟

گورگەکە پێشنیارێکی کرد و شێرەکە بەدڵی نەبوو، ڕقی هەستا و بە هەموو هێزییەوە شەقێکی لێدا و بردی بە هەوادا و بە مردوویی کەوتە سەر دارێک.

دوای ئەوە ڕوویکردە ڕێوییەکە و وتی:

- دەی تۆ پێشنیاز بکە...

ڕێوییەکە وتی:

- گەورەم، جگەر و دڵەکەی بۆ نانی بەیانیت، ڕانەکانیشی بۆ نانی نیوەڕۆت و پارچەکانی تریش بۆ ژەمی ئێوارەت.

شێرەکە ئەم پێشنیازەی ڕێوییەکەی بەدڵبوو و وتی:

- ئەم هەموو سەلیقە جوانەت لە کوێ هێناوە؟

ڕێوییەکە وتی:

- گەورەم، لەوەی کە هەڵواسراوە (مەبەستی لەو گورگە داماوە بوو کە بە مردوویی بەسەر دارەکەوە شۆڕ بووبووەوە).



# شێر و پیرەڕێوی

دەگێڕنەوە؛ لە دارستانێکدا شێرێک و پیرەڕێوییەک هاوڕێ بوون و بەردەوام بەیەکەوە بوون.

رۆژێکیان شێرەکە کەوتە شەڕێکی دڕندانە لەگەڵ فیلێکی زەبەلاح، لە کۆتایی شەڕەکەدا شێرەکە بریندار بوو، ئیتر نەیدەتوانی بە باشی بڕوات و راو بکات، بۆیە پاش ماوەیەک نە شێرەکە و نە رێوییەکە خواردنیان نەمابوو.

رێوییەکە بە شێرەکەی وت:

- گەورەم، من پیر و لاواز بووم و چەند رۆژێکە هیچم نەخواردووە.

شێرەکەش وتی:

- دەبێت چارەیەک بدۆزینەوە، تۆ بڕۆ ئاژەڵێک بدۆزەرە و بهێینە بۆ ئێرە، من دەتوانم بەو برینداریيەش بیکوژم و ئەوسا هەردووکمان تێر دەخۆین، ئەگەر وا نەکەین لەبرسا دەمرین.

رێوییەکە بەناچاری چووە دەرەوە، لەناو دارستان و کێڵگەکان دەگەڕا و گوێدرێژێکی بینی خەریکی گیاخواردن بوو.



چووە لای و پێی وت:

- برادەر، ئەوە بۆ وا لاوازیت؟

گوێدرێژەکە وتی:

- خاوەنەکەم کاری زۆرم پێ دەکات و ناهێڵێت بەدڵی خۆم بلەوەڕێم و گیا بخۆم، زۆر بێبەزەییە.

ڕێوییەکە وتی:

- کەواتە لەگەڵ من وەرە بۆ ناو دارستانەکە، لەوێ شێرێکی لێیە پارێزگاریی لە هەموو ئاژەڵەکانی دەکات و لە دەستی مرۆڤ ڕزگاریان دەکات، ئەوکات بەدڵی خۆت دەتوانی سەوزەگیای دارستانەکە بخۆیت.

گوێدرێژەکە باوەڕی پێکرد و لەگەڵی ڕۆیشت بۆ لای شێرەکە.

شێرەکە لەبرسا یەکسەر پەلاماریدا، بەڵام بەهۆی برینداریيەکەیەوە گوێدرێژەکە توانیی خۆی لێ ڕزگار بکات. شێرەکە زۆر هەستی بە شکان دەکرد؛ چۆن گوێدرێژێک لە دەستی ڕزگاری ببێت. نەڕاندی بەسەر ڕێوییەکەدا:

- بڕۆ ئەو گوێدرێژەم بۆ بهێنەرەوە.



ئەم جارەش ڕێوییەکە ڕۆیشت و گوێدرێژەکەی دۆزییەوە و هەرچۆنێک بوو وای لێکرد دیسانەوە باوەڕی پێبکات و لەگەڵی بگەڕێتەوە بۆ دارستانەکە.

ئەم جارەیان شێرەکە خۆی لێ مات کردبوو، پەلاماریدا و کوشتی. شێرەکە تۆزێک پشووی وەرگرت و لەو کاتەدا ڕێوییەکە مێشکی گوێدرێژەکەی خوارد. شێرەکە گەڕایەوە و بینی مێشکی گوێدرێژەکە خوراوە. زۆر تووڕە بوو و وتی:

- ئەمە کێ بوێریی کردووە مێشکی نێچیری منی خواردووە؟



پیرە ڕێوی وتی:

- گەورەم، ئەم گوێدرێژە مێشکی نەبوو، ئەگەرنا چۆن جاری دووەم باوەڕی پێدەکردم و دەهاتەوە لەگەڵمدا پاش ئەوەی کە پەلاماریش درابوو.

شێرەکە باوەڕی بە قسەی ڕێوییەکە کرد و وازی لێهێنا.

# شێر و دارستانی بێ کەڵبە

جارێکیان شێری پاشای دارستان بە گورگی وت:

- سبەی هەرچی ئاژەڵ و باڵندەی ئەم دارستانەیە کۆیان بکەرەوە، دەبێت بەیانیی زوو ئامادەی کۆبوونەوە بن.

گورگیش ئەم پەیامەی بەناو ئاژەڵ و باڵندەکاندا بڵاوکردەوە...

ئەو شەوە هەرچی ئاژەڵ و باڵندە هەبوون خەون نەچووە چاویان، دەیانپرسی:

- دەبێت هۆکار چی بێت وا شێری پاشا کۆمان دەکاتەوە؟

پێش هەڵهاتنی خۆر، هەموو ئاژەڵ و باڵندەکان لەبەردەم دادگا کۆبوونەوە و شێریش لە بێشەکەی خۆی هاتە دەرەوە و لە دادگا لە بەرانبەریان وەستا. هەموو وەک رێزێک بۆ شێرەکە وەستان... شێرەکە نەڕاندی:

- ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان جیاببنەوە و بچنە لای راست و رووەکخۆرەکانیش لە لای چەپ بوەستن.

ئاژەڵەکان بەهۆی سەرسامییان جووڵەیان نەکرد و شێرەکە بە هەموو هێزییەوە نەڕاندی؛ ئاژەڵەکان ترسان و یەک لەدوای یەک جیابوونەوە.





شێرەکە بڕیاریدا و وتی:

- کەڵبەی هەموو ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان دەردەهێنین بۆ ئەوەی هەموومان ببین بە ڕووەکخۆر و ئاشتیی لەم دارستانەدا بەرقەرار بێ و بەیەکەوە بەئاشتیی بژین، بۆ ئەمە تاکە ڕێگەچارە ئەمەیە و من پێش هەمووتان کەڵبەی خۆم دەردەهێنم...

لەبەردەم کیسەڵی دانا، دانیشت و ئامێری ددان دەرهێنانی بەدەستەوە بوو.

کیسەڵە داناکە پێی وت:

- گەورەم، با ئەوانی تر هەموویان کەڵبەیان دەربهێنن ئینجا تۆ، دەنا بە هەموویان پەلامارت دەدەن.

شێرەکە قسەی کیسەڵەکەی بەلاوە پەسەندبوو، بۆیە وتی:

- دەستبکەن بە دەرهێنانی کەڵبەیان.

ڕێوی وتی:

- بەڵێنت پێدەدەین واز لە گۆشتخواردن دەهێنین و کەڵبەمان دەرمەهێنن.

شێرەکە وتی:

- هەر ئاژەڵێ دژی ئەم بڕیارە بووەستێت، سزاکەی مردنە.



ئیتر یەک بەدوای یەک کەڵبەی ئاژەڵە گۆشتخۆرەکانیان دەرهێنا و لە دواییشدا شێرەکە چووە بەردەم کیسەڵی دانا و بەهۆی بەهێزیی کەڵبەکانییەوە بە یارمەتی گورگ و چەقەڵ توانییان کەڵبەی شێرەکە دەربهێنن... ئیتر هەموویان کەوتنە سەما و گۆرانی و دڵخۆشبوون و هەموویان بوون بە رووەکخۆر و بوون بە هاوڕێی یەکتری و وەک یەک خێزان بەیەکەوە دەژیان.



# شێر و مرۆڤی سپڵە

ڕۆژێکیان شێرێک لەناو دارستانەکەی دەسووڕایەوە، گوێی لە دەنگی مەیمونێک بوو لەناو چاڵێکەوە دەهات. کاتێک چووە پێشەوە لە چاڵەکە، بینی مەیمونێک و پیاوێک کەوتوونەتە ناو چاڵەکەوە.

هەموو ئاژەڵەکان لە قەراغی چاڵەکە کۆبوونەوە. شێرەکە ویستی یارمەتی هەردووکیان بدات و دەریان بهێنێت.

فیل وتی:

- تەنها مەیمونەکە دەربهێنە، مرۆڤەکە واز لێ بهێنە.

گورگیش هەمان قسەی کرد و زۆربەی ئاژەڵەکانی تریش هەمان بۆچوونیان هەبوو، بەڵام شێرەکە گوێی نەدانێ و مرۆڤەکەشی دەرهێنا.

دوای ماوەیەک، کەسانێک کە سێرکیان هەبوو، بێچووە شێرێکیان لە هەمان دارستان گرتبوو، هەموو ئاژەڵەکان لەگەڵ شێرەکە بەیەکەوە چوون بۆ ڕزگارکردنی بێچووە شێرەکە. کاتێک گەیشتن و توانییان ڕزگاری بکەن، هەمان پیاویان بینی کە شێرەکە هاوکاریی کردبوو و لە چاڵەکە دەریهێنابوو.



شێرەکە ویستی پەلاماری بدات، فیلەکە وتی:

- ئەم جارەش وازی لێ بهێنە.

شێرەکە رووی لە پیاوەکە کرد و وتی:

- ئەمە پاداشتی چاکەکەم بوو؟



# مشکە لاسارەکە و قژی شێر

مشکێکی سەرکێشی بچووک، لە کێڵگەیەکی نزیک بە بێشەی شێرێک دەژیا. شێرەکە دوای راوکردن ماندووبوو لە بێشەکەیدا پشووی دەدا و خەوت، مشکە لاسارەکە زۆر ئارەزووی لەوە بوو قژی وەک قژی شێر درێژ بێت و شێوەی لە شێر بچێت. بە هەلی زانی شێرەک خەوتووە چوو بە ددانە تیژەکانی کەوتە قرتاندنی قژی شێرەکە و بردیەوە بۆ کونەکەی خۆی و زۆر دڵخۆش بوو. کاتێک شێرەکە بەئاگا هات، بینی لە زۆر لاوە قژی پێوە نەماوە، زۆر خەمبار بوو و نەیدەزانی کێ وای لێکردووە. دوای یەک دوو رۆژ چووە کێڵگەکەی دراوسێی بەمەبەستی داوای یارمەتی، ئامۆژگارییان کرد بچێتە لای پشیلەیەکی سپی کە لەو جۆرە دەرمانانەی لا دەستدەکەوت. ئەویش لەتاو قژی رۆیشت بۆ لای.

پشیلەکە زۆر دانا بوو، وتی:

- پێش ئەوەی دەست بە چارەسەر بکەین، دەبێت هەموو رۆژێک مشکێکم بۆ بهێنیت.

شێرەکە کەوتە مشک گرتن و هەموو رۆژێک مشکێکی بۆ پشیلەکە دەبرد.

لەو چەند رۆژەدا بەشێوەیەکی سروشتی قژی شێرەکە درێژبووەوە و لە جاران جوانتر و بریسکەدارتربوو.



مشكە لاسارەکەش لە ترسی شێرەکە خۆی لە کونەکەیدا حەشار دابوو، لەتاو برسیەتیی زۆر، لاواز و بێهێز بووبوو، پاش ماوەیەک کۆتایی پێهات و لەناو چوو.

